# گەشتی یونگ

## بۆ ئەفریقیای ئیستوائی ( کینیا ئوغندا ).



کارل گوستاف یونگ

و: نهاد خیاطه

و: شێرزاد هەینی ـ سوید
Sherzad55@hotmail.com



کارل گوستاف یونگ

کارل گوستاف یونگ له 26ی یونیوی1875 له کیسیوولی سویسری له دایکبووه، له 6ی یونیوی 1961 مردووه. یەکێکە لە زانا گەورەکانی دەروونناسی جیهان و هاوشانی فروید بووە لە لێکدانەوەی خەون و بیردۆزەکانی دەروونی.
وەک چۆن نووسەری ژیاننامەی کارل یونگ، ( ئەنییلا یافە) نووسیویەتی، ئەو زۆر ڕقی لە خۆئاشکراکردن و خۆناساندن بووە، پاش ئەوەی تەمەنی گەیشتە نزیکەی هەشتا ساڵ، بە کۆشش و داوای بەردەوامی برادەران و کەسە نزیکەکانی ڕەزامەندی بۆ نووسینەوەی ژیاننامەی تایبەتی دەربڕی. ئەو ماوەیەش تا بڕیارەکەی دا کاتی زۆری ویست. لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی بە خێرایی وەڵامی چەندین پرسیاری داوەتەوەو دیداری تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە سازکردووە، چەندین کەلەنی وردو بچووکی لە تۆیکلەی ڕەقی بیرەوەرییەکانی کردیتەوەو لەو کونانەوە نیگا لە ناخی کراوەو سەردەمی منالّی و هەرزەکاری و گەنجی بە هەموو ڕەنگ و تام و خەونەکانیەوە گێڕاوەتەوە. پاش ئەو کۆشش و هەنگاوە ڕۆژانەی منالّی نووسیوەتەوە، بەڵام بە داخەوە لەگەڵ تەمەنی پیری و کەنەفتیەوە زۆری لە بیرچووتەوەو ڕووداوەکانی وەک خۆی لە بیر نەمابوو، ئەوەی لە بیری مابوو جەوهەری ڕووحی ئەزموونەکان بووە. ئەوەشی لە بیرەوەرییەکانیەوە ئاماژەی پێداوە. ئەو بیرەوەرییانەی بە کتێب چاپکراوە.

بەهەرمی  وەرگێردراوی بە زۆر زمانی جیهان هەبووە، ئەو کتێبانەی کراون بە عەرەبی.

علم النفس التحليلی: ت:نهاد خیاطه، دار الحوار ـ اللاذقیه ج1 1985 ج2 1998
الاله الیهودی، بحپ فی العلاقه بین الدین و علم النفس ت: نهاد خیاطه اللاذقیه، 1986
الدین فی ضوء علم النفس، ت: نهاد خیاطه، دمشق،1988
ڤاهره الاطباق الطائره فی ضوء علم النفس، ت: نهاد خیاطه، دار المناره، اللاذقیه، 1989
النازیه فی ضوء علم النفس، المؤسسه الجامعیه للدراسات و النشر، بیروت، 1992
الانسان یبحث عن نفسه ت : سامی علام و افییرینوس دار الغربال، دمشق، 1993
النفس الخافیه ت: سامی علام، 1995 دار الغربال، دمشق
جدلیه الانا و اللاوعی ت: نبیل محسن، دار الحوار، اللاژقیه ، 1997
الانماط النفسیه ت: سامی علام و فائز بشور

هەروەها نهاد خیاطه، چەندین نووسین و نوێژینەوەی درەوونی یونگی تەرجمەو بڵاوکردیتەوە، وەک

دور الاشعور و معنی علم النفس للانسان الحدیث، المؤسسه الجامعیه للدراسات و النشر، بیروت 1992
التنقیب فی اغوار النفس، المؤسسه الجامعیه للدراسات و النشر، بیروت 1996
البنیه النفسیه عند الانسان، دار الحوار، اللاذقیه، 1997

الانسان و روموزه، سیکولوجیا العقل الباطن ت: عبدالکریم نایێف، دار منارات، عمان، 1987
سر الزهره الذهبیه: القوی الروحیه و علم النفس التحلیلی، دار الحوار، اللاژقیه، 1998

ئەو چوار کتێبەیەش دەروازەیەکه بۆ ناسینی هزری یونگ و تێگەیشتنه دەروونییەکانی.

ما قال یونغ حقا و: مدنی قێری، دار الجلیل، دمشق، 1994
الاساسیات فی النضریەو الممارسه، منشورات وزاره الثقافه فی ج ع س 1991
علم النفس المرکب ت: وجیه اسعد، تفسیر اعمال یونغ، دار الغربال، دمشق، 1992
علم النفس الیونغی ت: ندره الیازجی، دار الاهالی، دمشق، سوریا 1993

زۆریش تویێژینەوەو نوسین لەسەر هزرو نوسینەکانی یونگ کراوە، وەک:

التطور النفسی فی الالف القادمه ت: ندره الیازجی، دار الغربال، دمشق، 1982
المراه بحپ فی سیکولوجیه الاعماق ت: وجیه الاسعد،وزاره الثقافه فی ج ع س.
تفسیر الاحلام بحپ فی سیکولوجیه الاعماق، ت : وجیه الاسعد. من مشورات وزاره الثقافه فی ج ع س
علم النفس الجدید و طرقه المدهشه ت: سامی علام، دار الغربال، دمشق، 1990
من السجون الی الحریه ت: سامی علام،دار الغربال، دمشق، 1992

حديث الاحلام رمزيه الحلم ت: اديب الخورى، دار الطليعه الجديده، دمشق، 1998
قوه الاسطوره و: ميساء و حسن صقر، دار الكلمه، دمشق، 1999
التزامن العلم و الاسطوره و الالعبان و: ثائر ديب
فاليرى ليين، مذهب التحليل النفسى و فلسفه الفرويديه الجديده، دار الفارابى، بيروت، 1981. بەشی یەکەمی لە بەشی ( مجادلات فی مدرسه التحليل النفسى )، بەشێکی تایبەتە بە کارل یونگ و سیکۆلۆژیای شیکردنەوە.
موسوعه اعلام علم النفس، مكتبه مدبولى، القاهره، 1995، ( ماده يونغ ) ێ 21 ـ 411. عبدالمنعم الحفنى.
عبدالمنعم الحفنى ، موسوعه مدارس علم النفس، مكتبه مدبولى، القاهره، 1993 ماده ( مدرسه زيورخ).

لە بواری پەخشی عەرەبیش لەو گۆڤارانە لێکۆلینەوەی لەسەر بڵاوکراوەتەوە.

کارل غوستاف رمزيه التحول فى سوره الكهف، ت: نهاد خياطه، مجله كتابات معاصره، العدد 12، ت2، ک1، 1991
انماط العقل ، ندره اليازجى، مجله المعرفه العدد 357 حزيران 1993
کارل يونغ، سيغموند فرويد كما يراه غوستاف يونغ ت: الرحوتى عبدالرحيم، مجله المعرفه، العدد 388، ک2 1996.
علم النفس الديناميكى و التاليف النفسى، ندره اليازجى، مجله المعرفه العدد، 392 نيسان 1996.
التكامل الداخلى فى الادب، زهره اللوتس نموذجا، ديمترى افييرينوس مجله كتابات معاصره، العدد 27 نيسان ايار 1996
دور اللاوعى فى المعالجه النفسيه، نبيل محسن، مجله المعرفه العدد 400 ک2 1997
خبرات على تخوم الموت، ديمترى افييرينوس، مجله المعرفه العدد 401 شباگ 1997
مدخل الى علم النفس اليونغى من خلال حياه صاحبه و اعماله، جوزيف كامبل، ت: نهاد خياطه، مجله المعرفه العدد 432 ک1 1998
مساله الانماط النفسيه، نبيل كامبل، مجله المعرفه العدد 443 اب 2000
المعالجه النفسيه بالطرق الگبيعيه، نبيل محسن، مجله المعابر العدد 2 ک2 2001

ناوی ئەو کتێب و نووسین و بابەتانە بە زمانی عەرەبی لە چەندین لاپەرەی نێتەوە دۆزیوەتەوە. ساڵی لەدایکبوون و مردنەکەشیشی لە لاپەرەیەکی سویدی دۆزیوەتەوە.

پێناسەی گەشتەکە:

کە لە ساڵی 1925 مۆزەخانەی ( ومبلی) م بینی، بە بەشی چوارەمی مۆزەخانەکە شاگەشکەبووم، لەو پێشانگایەدا گەنجینەی نایابی عەشیرەتیەکانی ئەفریقیم بینی، ئەو دەڤەرەی ژێرحوکمی بریتانیای مەزن بوون، بۆیە شەیدای گەشتێک بووم بۆ ئەفریقیای مەداری، ئارەزووی ئەو گەشتەم لە نزیکترین کات بە مێشکا

داهات. له پایزی هەمان ساڵدا له گەڵ هاورێیەکی ئینگلیزو یەکێکی ئەمریکی سەفەرێکی ( مومباسا ) مان کرد، به پاپۆرێکی جۆری ( ورمن ) سەفەرمانکرد، لەو گەشتەدا چەندین گەنجی ئینگلیزمان لەگەڵدا بوو، ئەوان دەچوونه ( مستعمره ) داگیرگەکانی ئەفریقیا. له ئاکارو روویانەوه دیاربوو ئەو گەشتەیان بۆ خۆشی و کات بەسەربردن نەبوو، دیاربوو بەرەو چارەنووسی نادیاریان دەرۆیشتن. پاشان زانیم زۆر لەو گەنجانه به نەخۆشیەکانی مەلاریاو نەخۆشیەکانی تری مەداری لەناوچووبوون، بەداخەوه زانیمەوه ئەو گەنجەی له بەرامبەرم دانیشتبوو پاش لەو سەفەرەییدا مردبوو. دکتۆر ئیلی سەرپەرشتیاری وزەی بەرژەوەندی کارەبای گۆریلای ناوەراستیش لەو ناوچانەدا به نەخۆشی لەناوچووبوو. زۆر نەبوو ئەوەم له نیویۆرک دیبوو.

## گەشتی یونگ

### بۆ ئەفریقیای ئیستوائی ( کینیا ئوغندا ).

مومباسا وەک مستعمره ( داگیرگه ) یەکی ئەوروپی و هیندی و زنجییم له بیردا دەمینێت، له گەرمییەکی شێدارا، لەناو دارستانێکی چڕی دارخورماو دارمانگۆوه هەڵکەوتبوو. هەڵکەوتەی شارەکه لەسەر بەندەرێکی

سروشتی دیمەنەکەی جوانترکردبوو، قەڵایەکی پرتوگالی کۆن دەڕوانیتە شارەکە. دوو رۆژ مایەوە، ئێوارەیەکەی بە هێلی شەمەندەفەرێکی باریک بەرەو ناوەوە رۆیشتین و بەرەو نیروبی رۆیشتین، گەیشینە ناو تاریکی شەوی ناوچە مەدارییەکان. بەدرێژایی کەنارەکە چەندین گوندی زنجییمان هاتە پێش، دیاربوو خەڵکەکەی بەدیار ئاگردانی بچووکە دانیشتبوون. کە شەو داهات تاریکیەکی بێئەندازە هاتە پێشمان، هێدی هێدی سەرما دایگرتین و خەوم لێکەوت. بە هەڵاتنی یەکەم تیشکی خۆری بەیانیەکی نوێ بەئاگاهاتم. شەمەندەفەرەکە لەسەر رۆخی خەرەندێکی تیژو هەڵدێر دەرۆیشت، دووکەڵێکی سووری چڕی بەسەرەوەبوو، لەسەر کەڤرێکی تیژ پیاوێکی رەشی باریک دەست بە رمێکی درێژەوە وەستابوو، لە بەرامبەرمانەوە دیاربوو، لە تەنیشت دارێکی ناوقەد پەرش و بڵاوەوە تەماشای شەمەندەفەرەکەمانی دەکرد. ئەو دیمەنەی بەرامبەرم گەرچی تازەو نوێ بوو، یەکەم جاریش بوو وێنەی مرۆڤی ئاوا ببینم، بەڵام پێش بینینی ئەوەم هەست پێکردبوو، هەستم بەوە وروژابوو کەوا من دیمەن و بینینی ئەم جۆرەم دێتە پێش، کە من ئەو جۆرە جیهانە بە مەسافەیەکی زەمەنییەوە لێم دوورەو هەستم وابوو، ئەو جۆرە کەسە رەنگ گەرمانەو ئەو میللەتانە بە درێژایی پێنج هەزار ساڵی زەمەنەوە دەیانناسم، ئەو جۆرە هەست و بۆچوونانەم لە گەڕانە دوورو درێژەکەی ناو ئەفریقیای وەحشی هاوبیرم بوو. ئەو ناسین و پێناسە پارسیکۆلۆژیام لەسەردەستی سەرۆکی پێشووم پرۆفیسیور ئوجین بلویرەوە زانیبوو. جاران وام هەستدەکرد ئەو جۆرە دیمەنانە زمانم دەگرن، بەڵام کە رووبەرووی ئەو دیمەنانە بوومەوە، هەستمکرد ئەوە شتێکی ئاساییە، چونکە لەمێژە ناسیارییم لەسەر ئەو کۆمەڵگاو نیشیتمانانەوە هەبوو. ئێستاش نازانم چی منی بەو پیاوە ڕاوکەرە رەشەوە بەستەوە، ئەوەی من زانیوومە جیهانی منیش لە کۆنەوە وەک جیهانی ئەو بووە.

کە نیوەڕۆیەکە گەیشتینە نیروبی سەرەتا هەستم بە نیگەرانی و دڵەراوکێ کرد. شارەکە لەبەرزی 6000 پێ هەڵکەوتبوو. تیشکی خۆرەکە رووناکی خۆری لای خۆمانی لە ( ئەنگادین ) بەبیرهێَنماوە، دەرکەوتنی خۆرەکە، دەرچوونی شتێک بوو لەناو نشێوێکی تەماوی. بە بینینی کۆمەڵە منالێک دڵشادبووم، هەموویان کڵاوی پێچراوی پوختیان لەسەری بوو، وەک ئەو کڵاوانەی لەناوچەکانی ئەلب لە ترسی سەرماو زریان منالان لەسەریانە، ئەوانیش لە نیرۆبی لە بەر هوڕەی گەرما لەسەریانە. ئێمەش لە ( ئەنگادین ) ئەو شێوە کڵاوانە لەسەردەکەین.

لە نیرۆبی زەحمەتیمان کێشا تا سەردانی دەشتایی ( ئانی ) یمان کرد، ئەو دەشتە لەبەر ئەوەی ناوچەیەکی پارێزراوە بوو، بۆیە ڕاویشی تێدا قەدەغەبوو. هەتا چاوبڕ دەکات لەو ئاسۆیە پانەی دەشتەکە ئاژەلی کێوی لە مامزو توورگ و گایکێوی و کەرەکێوی و بەرازی کێوی و زۆری تر دیارن .

ئەو مێگەلانە وەک ئاوی رووبارێکی مەند لە پێشماندا دەرۆیشتن، دەڵەوەڕان و سەریان بە ئەرزەوە بوو، بێجگە لە شکاندن و زەبری هەڵۆیەک نەبێت، دەنگی هیچی تر نەدەهات.

ئەو هێمنییە لە هێمنی سەرەتای بوون دەچوو، ئەوەندە هێمن و ئارام وەک ئەوەی جیهان هەمیشە لەو رەوشەدا بووە. لە حالەتیَک دەچوو بوونی کەس بۆنی نەدەهات، ئامادەیی نەبوو، لەو بۆشاییەدا لە هەڤالەکانم دوور کەتمەوە، لەبەر چاوان گووم بووم، تامم لەو تەنیایە بە خۆشی وەردەگرت. لەو ساتانەدا من تاکە کەس بووم،

بوارم بۆ رەخسابوو تەنیا بم، تا ئەو گەردوونە وەک خۆی بە تەنیایی بناسم.

دەبێ لە مانای بوون وردبینەوە، وەک زانایان سەبارەت بە مرۆڤ و من وتوویانە:

ئەوەی سروشت دروستیکردووە، ناتەواوەو هونەر لایەنەکانی تەواو دەکات، هەموو دروستبوون و گەشەو پەیدابوونەکان بۆ دروستکەرێک دەگێرینەوە، ژیان وەک مەکینەیەک دەناسین، وەک سەعاتێک لەخۆیەوە دانراوەتەوەو قورمیشکراوەو دەسورێت، هەموو وردەکاری رۆژانەو هەتا نەفسی کەسایەتیشی تێدایە، ئەو مەکینە وردەو ناسازەیەو بۆ بوونی مرۆڤ و جیهان و خواد هیچ حیسابێ ناکات، بروای وایە رۆژی نوێ و کەناری تازەش نابێتەوە.

ئەو دەمانە قسەی برادەرێکی دێرینی هیندییەکانی ( بوابلو ) م کەوتەوە یاد کە دەیووت:

بوونی عەشیرەتەکەیان، عەشیرەتی بوابلو بۆ یارمەتی خۆری باوکیانە، تا بە ئاسانی رۆژانە ئاسمان ببڕێت

زۆر حەسوودییم بەو بڕوابوونە رەهایەی ئەو، بەو مەسەلەیەک هات. بۆیە منیش بێ هیوا بەدوای ئەفسانەیەکی وادا گەڕام. ئێستا بەڕاستی لە مانای ئەفسانە گەیشتم، کەواتە بەڕاستی لە ناواخنی مرۆڤ گەیشتم. ئەوەی ناکرێ دەستبەرداری بین، بۆ تەواوکردنی پەیامەکەی ئەوەی دروستی کردووە. دیارە ئەویش دروستکەری دووەمی ئەو گەردوونەیە، ئەوە گیانی پێداوەو بوونەکەی سەلماندووە، بەو نەبێت گەردوون بەرەو تاریکی و بۆشایی دەڕوات، ئەگەرنا بۆ ماوەی سەدان ملێون ساڵ دەخواو دەبینێت و دەبێت و دەمرێت و سەرشۆڕیش دەبێت. گەورەیی و بوونی مەوزوعی مرۆڤ لە دروستکردنی ئەو هێلە شەمەندەفەری مەزنەی ئۆغندا دەبینمەوە، ئەوەی وا ئێستا کاری تێدا دەکرێت. چووینە ئیستگە کاتیەکەی، ژمارەکەی 64ی بۆ دانراوە، مناڵە بارهەڵگرەکان کەلوپەلەکانیان داگرتین، سەندووقەکان دەکرا لەسەر سەریان هەڵگیرێت، لەسەر ئەو سەندووقانەی پێویستیەکانمانی تێدابوو دانیشتم.

پاپەکەم داگیرساندو بیرم لەوە کردەوە وا لە دەڤەرەی ( ئویکومین ) نزیک بووینەتەوە، ئەو ناوچەیەی ئاوەدانی تێکەوتووەو شوێنەواری بێسنووری لەسەر کیشوەرەکە داناوە. پیرێکی ئینگلیزی هاتە تەنیشتم، تێیگەیشتم بەداگیرکردنی پارچە زەوییێک بوویتە مولّکدار. لەبەرامبەرم دانیشت، ئەویش پایپە تووتنەکەی دەرهێنا. پرسی بەرەو کێ ... بەرنامەکەم بۆ باسکرد. ئەویش پرسی ئەوە یەکەمجارە سەر لە کیشوەری ئەفریقیا دەدەیت ..؟؟ ئەو وتی:

من ئەوە چل ساڵە لە ئەفریقیام ... منیش وەڵامم دایەوە بەڵێ هەر هیچ نەبێ بۆ ئەوە بەشەی ئەفریقیا، ئەوە یەکەمجارە بێم. لە وەڵامدا وتی:

کەواتە با ئامۆژگاریەکت بکەم، ئەو ولاتە ولاتی مرۆڤ نی یە، ولاتی خودایە، بۆیە ئەگەر شتێک بەسەرهات، نیگەران مەبەو دانیشە.

پاش ئەو دوو سێ وشەیە پیرەمێردە ئینگلیزەکە، هەڵساو دوورکەوتەوە. کە زنجییەکان زۆر کۆبوونەوە، ئەوم لەناو ئاپوورەکە بزرم کرد. ئەو ئامۆژگایەی ئەو بیرکردنەوەو راوەستانی وردی دەویست، دیارە وشە کورتەکانی زۆریان دەگەیاند، ویستم لە دەروونەوە وەریانبگرم، چونکە ئەو بە ئەزموونە دوورودرێژەکە لەو

ولاته، به ژیانی لەناو ئەو کۆمەڵگایە گەیشتۆتە ئەو راستیە، دیارە مرۆڤ دەستەڵاتی نی یە، هەموو شتەکان دەگەڕێتەوە لای خودا، کەواتە بەرنامەو مەبەست هیچی ناچێتەسەر، ئەوەی دێتە پێش مرۆڤ چاوەڕوان نەکراوە، دوارۆژت بەدەست خۆت نی یە. لە رامانەکەم تەواو نەبووم و نەگەیشتمە ئەنجام، کە وتیان دوو ئوتۆمبێلەکە ئامادەیە بۆرۆیشتن، خۆمان و کەلوپەلەکانمان ئامادەبوین، ئێمە هەشت کەس بوین، دوو ئوتۆمبێل بەچاکی جێگای دەکردینەوە.

بەرێکەوتین، من وام دەزانی رێگاکە ئەوەندە دوور نی یە، ئەو رێیە دوورەو بیرکردنەوە لە گەیشتن و رێگا ناخۆشەکە، بواری بیرکردنەوەی نەدام. ئێمە دەچووینە مەڵبەندی ( کاکامیکاس ) بنکەی کۆمینسونی ناوچەکەو سەرۆکایەتی ئەرکانی بچووکی ( تفەنگەکانی ئەفریقیا )، کە زانیم نەخۆشخانەیەکی نەخۆشیە دەروونیەکانیشی لێیە، نیگەران بووم، ئەوەم زۆر لا ناخۆش بوو. کە ئێوارە داهات هەورێکی ڕەشی تاریک بەسەرماندا باراند، هەورەتریشقەو بروسک و گەردەلوول تەرو بێزاری کردین. نیو سەعات دوای نیوەشەو بە هیلاکی و ماندووبونێکی زۆرەوە گەیشتینە کاکامیکاس. مەفەوەزەکە بەگەرمی پێشوازییکردنی، ئاگری بۆ کردینەوە، بە پێکێک ویسکیش خۆشی و ئارامی زۆرتری گەیاندە هەناومان. لەسەر مێزی ژوورە بچووکە خاوێنەکەی چەند پارچە رۆژنامەی ئینگلیزی دانرابوون، جێگاو رەوشەکە بە خانووێکی لادێی دەڤەری سسکسی ئینگلترا دەچوو. ئەوەندە ماندوو و شەکەت بووم نەمدەزانی ئەوە خەونە یان خەیاڵە. بۆیەکەم جار خیوەتەکانمان هەڵدا، خۆشبەختانە هیچمان کەم نەبوو.

بەیانی کە بە ئاگاهاتم هەستم بە ژانی قوورگم کرد، بۆیە رۆژێک لەبەر ئەو ژانە لەسەرجێگا مامەوە. ئەو رۆژەم لەبیرناچێت، قەرزاری ئەو باڵندەیە بووم، ناوەکەی باڵندەی سەرئێشە بوو، دەنگی ناخۆش بوو، ئەو دەنگەم هەرگیز لەبیر ناچێتەوە، راوەستانی نەبوو، کە ئاوازەکەی تەواودەبوو سەرلەنوێ دووبارەی دەکردەوە، ئاوازێکی رێکی ژێداری دەگووتەوە، ئەوەندە ناسازبوو نەدەکرا بەرگەی بگریت. ریشدارێکی تر هەیە لە باخچەکانی گوێزدا دەبێت، زیقەکەی دوو ئاوازی سازگاری هەبوو، ئاوازی سێیەمی زۆر ناسازبوو.

دیارە لە سروشتدا بۆشایی نەماوە پڕ نەکرابێتەوە.... سروودی ( باڵندەی زەنگ ) سازگاربوو، لە بیستنەکەی بێزار نەدەبوویت، چەندی بیرت دەکردەوە ئاوازەکەی کەمی و لەنگی تێدا نەبوو، لە شێوەی دەنگی زەنگێک بە پانی ئەو ئاسۆیە فراوانە دەنگی دەلەرییەوە. بۆ رۆژی دوایی بە یارمەتی مەفەوەزی ناوچەکە چەند کۆڵهەڵگرمان دەستکەوت، سێ سەربازیشمان بەگەڵ کەوت، بۆ بەرزایی چیای ئایلکۆن بەرێکەوتین، زۆری نەخایاند گەیشتینە بەرزاییەکەی، چواردە هەزار پێ دەبوو، ئاسۆیەکی فراوانی پانی لە پێش چاو بۆ دەرخستین. رۆیشتن و گەیشتینە ناو دەشتاییەکی پان، یەکپارچە بەدار داپۆشرابوو، ئەرزەکەشی بە شارەمێرووڵەی سپی چاککراو لە کۆمەڵە بەردی بازنەیی داپۆشرابوو، بەرزی شارەکەیان شەش تا دە پێ دەبوو.

بە درێژایی ئەو رێیە، کاروانسەرای بچووک بچووک هەبوو، کوخ و کەپری بازنەیی بوون، سەرەوەیان بە پووش و چیلکەدار داپۆشرابوون، بۆشاییەکانی بە خۆڵ پڕکرابوونەوە، ناوەندەکەی سەرەوەیان بۆشایی و بەرەڵابوون، شەوانە لەبەر مێوانی لایدەو نەیاران چرایەک لە دەرگاکانی دەکرایەوە. ئەگەرچی کابانی چێشتمان

ڕووناکیشی نەبوو، بەڵام کوخێکی تەنیا بەرکەوتبوو، بۆیە گلەیی نەبوو، بە تاریکیەکە رازی بوو، ئەو تەنیاییەی زۆری نەمابوو سەریشی بخوات و بمرێت.
ڕۆژی پێش ڕووداوەکە بزنێکمان بە پێنج شلنتی ئۆغندی کڕیبوو، چێشتلێنەرەکەمان لە پێش کوخەکەی سەری بڕیبوو، لە گۆشتەکەی چەند پارچە گۆشتی جوانی بۆ سوورکردبوینەوە، ئێوارەکەی هەمووومان لەدیار ئاگرەکەی ژوورەمان دانیشتبووین، گوێمان لە دەنگێکی نامۆ بوو، پاش گاڤێگ دەنگەکە دەلەرییەوە، ئەودەمە دەنگەکە لە منگەمنگی ورچ دەچوو، دەنگەکە دەگۆڕا بە حەپە حەپی سەگ دەچوو، پاشان دەنگەکە گۆڕاو بە پێکەنینێکی شێتانە. زوو ئەو دیمەنانەم بە نمایشی سەرشانۆ شوبهاند. زۆری نەخەیاند دیمەنەکە بە ڕوونی و ترسناکانە ڕوون بۆوە، چواردەورەمان بە چەندین توورگی برسی گەمارۆدرا، بۆنی خوێنیان کردبوو، دیمەنە شانۆگەرییە دۆزەخییەکە ڕووی دا، بەڵام لەبەر ڕووناکی ئاگرەکەی پێشمان نەک لەبەر ڕووناکی شانۆ. توورگەکان چاویان لەبەر ڕووناکی ئاگرەکە لەسەر گیافیلە درێژەکان دەبریسکایەوە. ئەوەی زانراوە توورگ ئەوەندە ترسناک نین و هێرش نابەنە سەر ئادەمیزاد، بەڵام زۆریش دڵنیا نەبووین، لەناکاو هاوارو زیرەیەک هات، رامانکێشایە تفەنگەکانمان، چەند گوللەمان بە دەنگەکانەوە وەنا، لەناو تەقەکاندا چێشتلێنەرەکەمان لە ترسان و لەبەر ڕووحی خۆییە خۆی هاویشتە ناو کوخەکەمان، دیاربوو توورگەکان لە برسان تەنگاویان کردبوو، بۆنی گۆشتیان کردبوو، ئەوەندەیان ترساندبوو خۆی پێرانەگیرابوو، هەموومانی ترساندن، دیارە لەبەر هاوارو ڕاکردنەکەی توورەگەکان ترسابوون و ڕەویبوونەوەو دوورکەوتنەوە. شانۆکەیان بەو دیمەنە چۆلکرد. ئەو دیمەنە ترسناکە لە پێکەنین کۆڵهەڵگرەکانی خستبووە سەرپشت. شەوەکەمان بێ هیچ ڕووداوی ناخۆشی تر بەرێکرد .
بەیانی زوو شێخی گەڕەکەکە هاتە لامان و دوو مریشک و سەبەتێک هێلکەی بۆمان هینابوو، زۆر داوای کرد، ئەو شەوەش بمینێنەوەو شەو توورگەکان دەکوژین، چونکە شەوی ڕابردوو پیرێکی خەوتووی ناو کوخەکێان پەلکێش کردووەو خواردوویانە.

ڕۆژ گەرم بوو، گوێمان لە پێکەنین و گاڵتەی منالان بوو، بە ڕووداوەکەی شەوی ڕابردووی ئێمەیان ڕادەبوارد، ڕووداوەکەیان نمایش دەکردەوە، یەکێک دەوری چێشلێنەرە نوستووەکەی دەبینی چۆن توورگەکان تخونی دەکەون و یەکێکی تریش دەوری سەربازەکەی دەبینی کە چۆن خۆی کردیتە توورگ و پەلاماری دەدات، ئەو دیمەنەیان چەندین جار دووبارەو سێ بارە کردەوە، ئامادەبووان زۆر کەیفیان لێوە وەرگرت.
لەو ڕۆژەوە چێشلێنەرەکەمان بە ناوی ( فیزی ) ەوە بانگمان دەکرد، ئێمەی سێ پیاوە سپییەکەش مارکەی بازرگانیان بۆ دۆزیبووینەوە. خەڵکی ئەو ناوچەیە وادەزانن ئینگلیز ملیان سوورە، بۆیە ناویان لە هاورێیە ئینگلیزییەکەمان نابوو ( مل سوور ) . هاورێیە ئەمریکیەکەم لەبەرئەوەی بایەخی زۆری بە ڕەنگینی پۆشاکی بەری دەدا، بۆیە بە ( جوانا مارادادی )، واتە هەندام جوان ناویان دەبرد، منیش لەبەر ئەوەی سەرم داوی سپی زۆری تێکەوتبوو، بۆیە بە ( ئامزی ) ، واتە پیرەمێرد بانگیان دەکردم. ئەو دەمە تەمەنم پەنجا ساڵ بوو. گەیشتنی مرۆڤ بە تەمەنە و سەرسپیبوون لەو ناوچەیە دەگمەن بوو، بۆیە قژە سپییەکەو تەمەنی منیان زۆر

لایان سەیربوو، ئاسایی بوو بە کەسێک لە  تەمەنی من بڵێن پیرەمێرد. منیان زۆر بە تەمەن درێژ دەزانی، تەمەنەکەمیان بە سەد ساڵی دەخەمڵاند. سەرسپیبوون لەو ناوچەیە نەبوو، نەمبینی کەسێک سەری سپی بێت. وشەی ئامزی مانای سەرۆک و بەرپرسیشی دەگەیاند. لەبەرئەوەی لە لەندەنەوە وەزارەتی دەرەوە منیان بە سەرۆکی دەستەی ( نێردراوی بوکیشوی سایکلۆژی ) دانابوو، بۆیە نازناوی سەرۆکەکە ئاسایی بوو. کە چووینە بوکیشو زۆر لای چیانشینانی ئایلکون مابووینەوە. ئەو زنجیانە زۆر کارامەنە لە بریاردان و ناسینەوە، زیرەکانە لاسایی دەکەنەوە، دەچنە ناو پیستی یەکتری، وەک خۆت لاسایی رۆیشتن و جولانەوەت دەکەنەوە، جوان و باش لە سروشتی سۆزداری گەیشتوون، لەبەرئەوەی من زۆر هاموشۆیانم کردن، لە دانیشتنە تایبەتی و کات بەسەربردنەکانیان بە خۆشییەوە بەشدارو هاوئاهەنگیان دەبووم، بەو شێوەیە و لەبەر رۆشنایی ئەو بەرنامەی خۆم زۆریان لێ فێربووم.

ئەو سەربازانەی لەگەڵمان بوون خێریان زۆربوو، بە ئاسانی حمباڵیان بۆ پەیدا دەکردین، پاسەوانی پێویستیان بۆ دابین دەکردین، ئێمە زۆر دەگەڕایین، هەموو ناوچەیەکیش لەبن دەستی سپی پیستەکان نەبوو، بۆ راوە توورگ شێخەکان ئەوەیان لە کاتی پێویست بۆ نەدەکردین. سەرکەوتین هێدی هێدی بەرپێمان بەرزدەبۆوە، سەردەکەوتین. چەند بەرزدەبووینەوە ئەوەندە بۆنی بورکانەکان و گەرماییان دەهات. مێژووی پاشماوەکانیش دەگەڕایەوە سەردەمی جیولوجی سێیەم. لەناو چەمێکی بەداری گەورەدا رۆیشتین. گوڵە سوورەکانی چواردەورەمان دیمەنەکەی نازدارکردبوو، پەپولەو زیندەوەری گەورەی باڵدارە رەنگینەکان رەنگی سەرفرازییان پەخشکردبوو. چەند لەناو دارستانە چڕەکان دەچووینە ژوورەوە مەیمونەکان بە دوای میوەو شیرنەمەنی ناو دارەکان خشەخشیان دەهات، بەراستی فردۆسێکی کەم وێنەبوو.

خاکی ئەو دەشتەی بڕییمان جەرگێکی سووری قووڵی هەبوو. لەناو دارستانەکەدا بەپێی رۆیشتنی دانیشتووانی، بواری رۆیشتن روون و ئاسان دارێژرابوو. ئەو رێگایەیان پیادە کردبوو، ئێمەش ئەوانمان پەیرەوکرد. رێگاکە سووراو و گەوەو شکانی تیژی تێدابوو.

گەیشتینە هەرێمی ( ناندی )، لە هەرێمەکەدا رووبەرێکی زۆری پانی دارستانی چڕمان هاتە پێش. بەبێ هیچ رووداو لە بنار چیای ئایلکون چەندجار پشووماندا. بەناو بواری تەسکی چیایەکەوە رۆیشتین. گەیشتە لای شێخی ئاوەدانیەک. لایبونی کوڕی سیحربازبوو، لەسەر پشتی ئەسپێکەوە بینیمان، یەکەم ئەسپە لەو گەشتەماندا بینیمان، شێخەکە وتی:

ئێمە لە عەشیرەتی ماسایین، بەڵام لەو بنارە سەختەدا تەنیا دەژیین.

لەوێ نامەیەکی حاکمی ئۆغندامان بەدەست گەیشت، ئەو ئاگاداربوو ئێمە بەو رێگایەدا دەرۆین. لەنامەکەیدا داوایکردبوو، ژنە ئینگلیزێک بە رێگای سودانەوە دەگەڕایەوە میسر چاودێری بکەین و هاورێمان بێت. ئێمەش زووتر ئەو ژنەمان لە نیرۆبی بینیبوو، دەماناسی، هاورێیەتی خۆش بوو. ئێمەش داواکەی حاکمەکەمان جێبەجێ کرد، چونکە ئەو لەو رێگاوبانەدا بە چەندین شێوە هاوکاری و یارمەتی ئێمەی دابوو...

نموونەی تاک قەدر وایکردووە، نامینێت. سەرەتا ئێمە  سێ کەس بووین،  داوام لە برادەرێک کرد لەو

گەشتەماندا هاورێمان بێت، نەهات. پەیدابوونی ئەو ژنە لە کاروانەکەماندا زۆر مەسەلەی گۆری. من زوو پێشەوازییم کرد، ژنێک هاوڕێمان بێت باشترە، کەسایەتی ژن جدییەت و پێشبینی لێ ڕەچاو دەکرێت، بۆیە هاتنی ئەو ژنە بۆ ناو تیمەکەمان خێری زۆری دایەوە. ئەو ژنە لە رۆژانی شەڕی یەکەمی جیهاندا وەک سستەر ( پەرستیار ) بەشداربووە، کە برادەرێکمان تووشی ملاریای مەداری بوو ئەو زۆر بەکەلکمان هات. پاش چەند سەعات بەسەرکەوتن گەیشتینە ناوچەیەکی خۆشی کراوە، ئاوێک و تاڤگەیەک بە بەرزی یازدە پێ ناوچەکەی دەکردە دوو بەش. حەوزەکەی پێشەوەمان کردە مەلەوانگە. لە نشێوێکی وشکی داپۆشراو بە داری گەورە، بە دووری سەد یاردە خیوەتمان هەڵدا. بە پیادەیی پازدە دەقە لە گوندێکی بچووک دووربووین، گوندەکە چەن کوخێک دەبوو، ناوەندی کوخەکان بۆشاییەکی لێبوو بە شوورەیەکی دڕکاویی دەوری گیرابوو. خەڵکی ئەو ئاواییە ئاویان بۆ دابین دەکردین، ژنێک و دوو کیژە بچووکەکەی ئاوەکەیان بۆمان دەکێشایەوە، دوو کیژەکە تەنیا ناوقەدیان داپۆشرابوو، ئەندامەکانی تری لەشیان رووت بوو، رەنگی پیستیان لە شوکولات دەچوو، جوانیەکەیان زۆر سەرنجراکێش بوو، بەژنیان زراڤ و نازداربوو. دەنگی خڵخاڵەکەی پێیان ئاوازێکی خۆشیان هەبوو، کە لە نزیک حەوزەکەوە دەیانجولاند. جوانیان بێ وێنەبوو، کە لەناو گیافیلە زەردەکانەوە خشەیان دەهات و بە لەنجەوە جەڕەکەی سەریان رادەگرت و دەرۆیشتن. خڵخاڵ و گوارەو گەردانەکانی بەریان، کە لە دار یان لە مس دروستکرابوون، دەست و مل و پێی کیژەکانی نەخشاندبوو. بێگومان لێوی خوارەوەیان بە بزمارێکی دار یان میتالێک بۆیان کون کرابوو، ئەوەی زۆر جوان بوو زۆر بە لەنجەوە لەبەردەمان گوزەریان دەکردو سڵاوی سیحراویان ئاراستەدەکردین.

لەو ولاتەدا لەگەڵ یەک ژن قسەم کردبوو، ئەوەش پاشان دەیگێرمەوە، دیارە ئەوەش لە من دەوەشایەوە، وەک لە ئەوروپای باشوور وا باوە. پیاو لەگەڵ پیاو و ژن لەگەڵ ژنان قسەدەکەن، بە پێچەوانەش خۆشەویستی دەگەینێت. جا ئەگەر پیاوی سپی ئەوەی کرد، ئەوە هەڵەیەکی گەورەی کردووەو دووچاری مەترسیش دەبێتەوە، واتە دەبێتە پیاوێکی پێسترەش. نموونەشم بۆ ئەو مەسەلەیە زۆرە، زۆرم بیستووە هاووڵاتیانی ئێرە بە پیاوەکانی ئێمەیان وتووە، پیاوی پیس...! کە لە هۆیەکانمان کۆڵیوەتەوە، وتوویانە پیسن چونکە لەگەڵ ژنەکانی ئێمە دەخەون. پیاوانی ئایلکون بە ڕاووشکارو شوانی و گاوانیەوە خەریکن. ژنەکانیان لە کێڵگەکانی مۆزو پەتاتەی شیرین و گەنمەشامیی زەردو سپی کاردەکەن، بێجگە لەو کارانە منالیش پەروەردە دەکەن. بزنەکانیان لە کوخەکان دەکەن .

ژنان کەرامەت و ناوبانگیان بە بەرژەوەندی ئابوورییەوە بەندە، چەند دەستکەوتیان هەیە، چەند بەشدارن لە بەرهەمهێنان، چالاکیان چەندە. یەکسانی و مافەکانی ژنان بە چەمک و بەندەکانی ئیمرۆوە نەبوو، ئەو کۆمەڵە سەرەتاییە ئەنانیەت و خۆپەرستی و دڵپیسی بە شاراوەیی یان بەبێ هەستی تێدایە، هەردوو هۆکار کاریگەرییان هەیە. ئەو سستمە کۆمەلایەتیە لاشعوورییە دەکرێ بە هۆش و بەرنامەی هۆشیاری بنبڕبکرێت.

کوڕێکی گەنجی وریا، زانیاری زۆری لەسەر پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکان و شیرازەی خێزانی ناوچەی ئایلکون

دامێ. کوڕەکە ناوی گلبورت بوو، کوڕە شێخێکی گەڕەکێک بوو، پەیوەندیمان باش بوو، ئەو زوو دەکەوتە بەردڵان، ئاشنایەتیمان باش بوو، تا ئەو رادەیەی جگەرەی بە خۆشیەوە لێم وەردەگرت. ئەو وەک ئەوانی تر نەبوو، ئەوانیتر چاوچنۆکانە چاویان لە وەرگرتن و دیاری بوو. ماوە ماوە بە هێمنی و بەرێزەوە دەهاتە لام، قسەی زۆری لەلا دەکردم، هەوالی باش و بە کەلکی بۆ دەهێنام، نهێنی زۆری لا دەدرکاندم. هەستم کرد ئەو کوڕە هزرێکی هەیە، شتێکی لە خەیالەو نازانێت چۆنی دەرببڕێت.زۆر نەبوو یەکترمان ناسیبوو، رۆژێکیان منی بۆ ناو خێزانیەکەیان داوەتکرد. دەمزانی ئەو خۆی ژنی نەهێناوە، دایکوباوکیشی نەمابوون. ئەو خێزانەی منی تێدا داوەتکرد، ماڵی خوشکی گەورەی بوو. مێردی سەربەهەوێ کردبوو، چوار منالّی هەبوو. حەزم کرد سەردانی بکەم و بچمە لای، دەمزانی ئەو جێگای دایکی دەگرتەوە. ئەو ریگایەش باشترین بواربوو تا من لە نزیکەوە شیرازەی کۆمەلایەتیان بزانم، زۆر شارەزایی وردەکاری رۆژانەیان بم.

)خاتوونەکەم لە ماڵەوەبوو )، کە گەیشتین لە کوخەکە هاتە دەرەوە، ژنێکی دەموچاو جوان بوو، تەمەنی سی سالّ دەبوو، تەنیا پشدیَنەکەی ناوقەدی لە پشت بوو، ئەو پشدێنە بۆ ژنان ئیجباری یە. دەست و ملی بە بازن و ئەنگوستیلەو خلّخالان رازابۆوە، خشلی مسیش بە نەرمییەکەی گوێیەکانییەوە دەلەرینەوە، بەشێکی سینگی بە کەولەکێوییەکی بچووک داپۆشرابوو، چاوی لە منالەکانی بوو چەند هەنگاوێک لە دووری کوخەکەوەبوون. لە دەرزی قەمیشەکانی دیواری کوخەکەوە بە پێکەنینێکی قایمەوە، چاویان لێمان بڕیبوو. من داوامکرد دووریان بخاتەوە، رۆیشتن و زۆری نەبرد لەسەرپشت و بە خشەخش هاتنەوە پێش. بەو بوارەی براکەی بۆی رەخساند زۆر کەیفسازو دلّخۆش بوو.

دانەنیشتین، شوێنی دانیشتن نەبوو، ژوورەکەیان بۆن ریخ و پیسایی و پاشماوەی بزن و پەلەوەری لێوەدەهات. دەمەتەقیەکەمان ئاسایی بوو، وەک هەر پێشوازییەکی ئاسایی مێوان و خێزانداری، کە باسی خێزان و ماڵ و باخچەی تێدا دەکرێت. ئەو ژنە هەوێی هەبوو، کوخەکەی ئەویش لە تەنیشت کوخەکەی ئەو بوو، ئەویش شەش منالّی هەبوو. ماڵی خوشکەکەی نزیکەی هەستا یاردە دووربوو، لە نێوان کوخی هەردوو هەوێیەکەبوو. کوخی پیاوەکەیان لە سەرووی سێگۆشەیەک بوو، کوڕی گەورەی هەوێیەکەی لە دووری پەنجا یاردەوە لە کوخێکی بچووکدا دەژیا، هەردوو ژن باخچەی تایبەتی خۆیان هەبوو، خانەخۆییەکەمان زۆر شۆخی بە باخچەکەی دەهات. ئەو ژنە زۆر بڕوای بە خۆی هەبوو، ئەوەشی لە ماڵ و منالّەکان و باخچەو وەلّسات، دوا شت لە ئەندامە خۆشەکانی لاشەکەییەوە دیاربوو. بە کەمی ناوی مێردەکەی دەهێنا. لێرەو لەوێ ژیاوەو ماوە ماوەش بە شوێن بزری ژیاوە. بەلاّم ئەو ژیانی خۆش و گوزەرانی ئارامی پێوە دیاربوو. مەسەلەکە بوون و نەبوونی مێردو هاتن ورۆیشتنی و دوورکەوتنەوەو لەوەڕاندی وەلّسات نی یە، مەسەلەکە ئەوەیە ژنەکە کەشێکی جیو ـ مگناتیسی نواندبوو. لەو تقووسە ئاسایە سادەییەدا هەستێکی لاشعووری یان نەزانراوی هەبوو، ئەوەش شاراوەیەو ناکرێ شرۆڤەبکرێن، تا لەگەڵ جیاوازی ئەوروپی پێشکەوتوو بەراورد نەکرێت.

دەکرێ پرسیار لە خۆمان بکەین، ئایا ژنانی پێستسپی خۆمان لەبەر پەیوەست نەبوونی بە باخچەو منالّەکان و وەلّسات و ماڵی تایبەتی خۆی و ئاگردانێکی گەرم، بەرەو نێرینەیان دەبات، لە مێینەی خۆیان دووردەکەوێتەوە، بەلاّم وەلاّمیشمان هەیە، رەنگە ئەوەیان لەبەر منالّ و باخچەو ... نی یە، یان لەبەر دوورکەوتنەوەی

پیاوەکانیشان نی یە.
 چەندی کۆمەڵگا بەرەو عەقلانیەت بڕوات، جیاوازی نێوان نێرو مێ کەم دەبێتەوەو پەیوەندییەکە لاوازو سیس دەبێت، هەروەها زۆربوونی دیاردەی هیومسکیسوێل لەو کۆمەڵگا تازەیەش دەوری هەیە، گرێی دایکایەتی و لاوازی ئەو سۆزەو زۆربوونی بەرنامەی قەدەغەکردنی منالبوون و ئاووسبوونی ژنانیش زەوقی مێینەیان کەم دەکاتەوە.
لەو ولاتەدا تەنیام و تەنیایی خۆشە، لەو ئەفریقیایەدا زۆر بەختیاربووم، ئەو ولاتە ناسک و سادەیە خۆشی و ئاسوودەیی پێوەیە، ئادەمیزادو ئاژەلی تازەو نوێم بینی. ئەگەرچی تالّی و ناخۆشیشی زۆرە، بەلام من هەستم بە ئاسوودەیەکی خودایی دەکرد، دوورم لەو ئەوروپایە لەعنەتیە، هەزاران میل لە ئەوروپاوە دوورم، ئاگام لێیان نی یە، بروسکەو نامەو تەلفۆن و هاتن و چوونمان نەبوو.
رۆژانە خەلکێکی زۆر لە چواردەورمان کۆدەبوونەوەو چاویان لە کاری رۆژانەمان دەکرد، من هاوشانیان دەبووم و بەشداری یاری و کات بەسەربردنی پیاوەکانیان دەبوم، ژنان بۆیان نەبوو هاوکاریان بن، ئەوان زمانی ( سواهلی ) یان  بەخراپی بەکاردەهێنا، منیش بۆ تێگەیشتن لەوان فەرهەنگێکی بچووکم بەکاردەهێنا. ئیبراهیم موختار کورسیەکی دروستکراو لە ماهوگانی بەرزی بۆ دادەنام، بەدیاریانەوە دادەنیشتم و بەشداری گەمەکانیانم دەکردن. گەمەکانیان زۆرتر لە سەعاتێکی دەخەیاند، زوو هەستیان بە ماندووبون دەکرد.
زۆر پەرۆشی ئەوەبووم لە خەونەکانیان تێبگەم، زۆرن دیاری وەک جگەرەو شخاتەو وردەواڵەی جوانم دەدانێ، بەلام ئەوانە بەرهەم و سوودی نەبوو، ئەوان زۆر شەرمیان دەکردو ئامادەیی گێرانەوەی خەونیەکانیان بۆم نەبوو، ئەوەشیان لە ترس و بڕوانەبوونەوە بوو.
زنجییەکان بە ڕادەییەکی زۆر لە وێنەگرتن دەترسان، وایان دەزانی ئەوەی ڕەسمی بگیرێت رووحی دەردەچێت، لەوەش دەترسان ئەگەر خەونەکانیان ئاشکرا بکرێت و ناوەرۆکی خەونەکانیان بزاندرێت، ژیانیان دەکەوێتە مەترسی. کوڕەکانی ئێمە، ئەوانەی لە کەناری سومال و سواهلی دەژیان، وانەبوون، زوو خەونەکانیان دەگێرایەوە، بەڕاکردن دەهاتنە لام، کتێبی عەرەبی خەونامەیان هەبوو، رۆژانە دەهاتن، ئەوەی ماناکەیان نەزانیبایە، دەیانپرسی، لەبەر ئەوەی شارەزای قورئان بووم، بۆیە ناویان لە من نابوو ( پیاوی کتێبەکە )، ئەوان وایان دەزانی من ( محمد، واتە ئیسلامم: وەرگێرە عەرەبەکە )ییم و خۆم ئاشکرا ناکەم.

رۆژێک لەگەڵ سیحربازەکە ( لایبوون )، کەوڵێکی مەیموونی شینی گرانبەهای لەسەرشانبوو دیدارمان بوو، کەوتینە قسە. لە خەونەکانیم پرسیم، چاو بە فرمێسکەوە وەڵامی دامەوە:
ئەو رۆژگارە رۆیشتن بوو، بۆ سیحری خەونەکان. ئەوان دەیانزانی کەی شەڕی خوێناوی روودەدات، ئەوانەی پێشبینی هاتنی نەخۆشی و پەتایان دەکرد، پێش باران بارین موژدەیان دەدا، ئەو سیحربازانە دەیانزانی مێگەلّەکانیان لە کێ دەلەوەڕێن. ئەو وتی:
 پێش ئەوەی ئینگلیزە سپیپێستەکان بێن، باپیرم خەونەکانی لێکدەدایەوە، زۆری دەزانی، بەڵام ئێستا ئەو کارە ناکات، ئەو دەڵێ، ئینگلیزەکان هەموو شت دەزانن. سیحربازەکە وتی:

ئیمرۆ ئیش و پێشبینینەکانمان سوودی نەماوە، خودای عەشیرەتەکەمان پرسیان پێدەکرد، ئەو بەهرەیە سوودی نەما، ( ئینگلیز لەویش باشتر دەزانن ). جاران ئەو سیحربازانە دانوستانیان لەگەڵ خوداو هێزی قەدر دەکرد، پاش دانوستانەکان دەگەرانەوەو ئامۆژگاری پێشکەش هاولاتیەکانیان دەکرد، ئەوانە دەستەلاتی گەورەو بە هێزیان هەبوو، وەک یۆنانی کۆن، ( فیپیا ) دەستەلاتی باڵای هەبوو، بەڵام ئیمرۆ دەستەلاتەکەی ئەو سیحربازانە دراوەتە دەست مەفەوەزەکەی ناوچەکە. وا بەهای ژیان لەو جیهانە بایەخدار دەبێت، مەسەلەکە پەیوەستە بە کات و سەردەمە، هێدی هێدی وا خەریکە رەگەزی پیسترِەشەکان بە ئازایی و چالاکییەکانیان دەگۆڕێن، دەتوانن سوودی هێزی سروشت دەستەمۆ بکەن. سیحرباز کەسێکی جەربەزەو کوشندە نی یە، پیاوێکی جنتلمانی پیرەو فرمێسک زۆر دەرژێنێت. جیهانی ئەو هەڵوەشایەوەو زەمانەکەی ئەو رۆیشت، ئەوە رەوشە نوێیانە نارەحەتی کردووە.

زۆرم لە سەر رووح پرسی، زۆر سەودای زانینی یادو بۆنەو جەژنەکانیان بووم. بەڵام هیچم دەست نەکەوت، یەک دەلیلیان نەدامێ. رۆژێک لە ناوەندی ئاواییەکە، لەسەر رێیە ئاپوورەکەی پارچە زەویەکی خاوێنکراوم بینی، جوان خاوێنکرابۆوە، رووبەرەکەی چەند یاردەیەک دەبوو، لەناوەندی ئەو رووبەرەدا چەندین پارچە خشل و مۆری و جوانکاری و کەرەستەی دەستی هەڵکۆڵین و کارو مەنجەڵیان دانابوو، ئەوەی زانیم ئەوانە هەموو مولکی ئەو ژنەبوو، کە لە ناو کوخەکەیدا مردووە، واتە ئەوە پاشماوەو میراتی مردووەکەیە، بۆ لاشەکەی هیچیان نەووت. خەڵکی ئاواییە دەڵێن ئەوانەی لە خۆرهەلاتیەوە دەوەستن، ئەوانە کەسانی خراپن.
هەرکەسێ لە گوندێک بمرێت، گوندەکەی تەنیشت خۆیان بە مردنی هاوولاتیەکیان ئاگادار دەکەنەوە، ئێوارەش تەرمی مردووەکەیان لە خاڵیکی تایبەتی نێوان هەردوو گوند دادەنێن، خەڵکی گوندەکەش دەست بەدیارییەوە بەرەو تەرمەکە دێن، لە خاڵەکەدا بەیەکدەگەن. بۆ بەیانی تەرمەکە نامێنێت، بێگومان خاوەن مردووەکە، گوندی دوایی بەنەمان و گومبوونی تەرمەکە تاوانبار دەکەن .
وتیان ئێمەی هاوولاتی ئاوایی چیای ئایلکون هەرگیز بەوە تاوانیار نەکراوین. راستیەکەشی ئەوەبوو، ئەوان تەرمەکەیان لەناو دارێک دادەنێن و شەو توورگ کاری خۆی دەکات، تەرمەکە دەخوات، کەواتە ئەوان بە هیچ شێوەیەک تەرمی مردوو نانێژن و شەوانە توورگە برسییەکانیان بۆیان دەخۆن. بۆیە لەو ناوچەیەدا گۆڕستان بوونی نی یە.
لەیەکێک لە دانیشتنە تایبەتیەکانم ئەوەم زانی، ئەگەر پیاوێک بمرێت، لەناو کوخەکەی لەسەر ئەرز درێژی دەکەن و سیحربازەکەیان بە جامێکی پڕ ماست لە دەورەی دەسورێت، ئەرزەکەی ماست پرژێن دەکات، لەبەر خۆییەوە دەڵێت: ئایک ئانستا ، ئانستا ئایک.
پاش وردبوونەوەو گفتوگۆی زۆرەوە لەمانای ئەو دەستەواژەکە گەیشتم، لە کۆتایی دانیشتنەکە پیاوێک هاواری کردو وتی:
بەیانی کە خۆرهەلات، لە کوخەکانمان دەردەچین، هەموومان تەرمەکە تفباران دەکەین، تەرمەکە بەرەو خۆر بەرز دەکەینەوە. داوام کرد ئەو تقووسەم پێ نیشان بدەن، تفیان لەسەر ئەرزا کردو توند بەناو لەپیان دەمیان

گرت، دەستیان بەرەو خۆر بەرزکردەوە. پرسیم ئەوە مانای چی یە، بۆ تف لە ئەرزا دەکەن، بۆ دەستیان پف دەکەن، هیچ وەڵامیان نەبوو، وتیان هەر وامانکردووە.

دیارە نەیانتوانی هیچ وەڵامم بدەنەوە، هیچ مانای راستەقینەیان نەبوو، ئێمەش نازانین بۆ رووناکی و وردە چرا بە داری لەدایکبوونەوە وەدەکەین، ئێمەش نازانین بۆچی ئەو تقووسانە لە جەژنەکانمان دەکەین، بۆ هێلکەی قیامەت دەشاردرێتەوە.... هتد.

پیرەمێردێک وتی، هەموو نەتەوەکانی کاوندو و ئۆغندا بڕوایان وایە، هەتا چاو بڕەکات، دانیشتوانی دەشتایی و چیایەکان ( ئەنستا )، خۆر دەپەرستین، هەموومان خۆری بەیانیانمان لا پیرۆزە. لەو ساتانەدا خۆر ( منگۆ ) دەبێتە خودا، مانگی زێرینی یەک شەوەش لە مانگی نوێ لە ئاسمانی خۆرهەڵاتەوە، ئەویش پیرۆزەو خودایە. پاش ئەو رۆژە لە خودایەتی نامینێت. کەوابوو تەقسی ئالکونی بەرزکردنەوەی قوربانیە بۆ خودایەتی خۆر لە ساتەکانی خۆرهەڵاتنا، کە بە تفبارانکردنیش نزیک دەبێتەوە، ئەوانە لە بیردۆزی مرۆڤە سەرەتاییەکانە، ئەوان لەو تفانە

) مانا ) ی کەسایەتی هێزی چاکبوونەوەو سیحرو ژیان دەگەیێنێت. رووحیش نیشانەی قوربانیە بۆ خودای خۆی، ئەگەر داواکەیان تەرجمە بکەیت، دەڵێن: خودایە، روحم تەسلیم بە تۆ دەکەم.

لەگەڵ ئەنستا چیانشینەکانی ئەیلکۆن ( ئایک )یشیان لا پیرۆزە، ئایک واتە شەیتان، ئەوان وا دەزانن شەیتان دروستکەرو خودای ترس و بای ساردە، ئەو بایەی شەوانە رێبواران هەراسان دەکات. پیرەمێردیک بە لێوەکانی فیکەیەکی درێژی کرد، ئەو فیکەیەش نیشانەی هەڵکردنی بایە، چۆن پووش و پەڵاش دەلەرێنێت، ئەو وتی:

هەموو دیاردەیەک لەلایەن خودایەوە بێت چاکەو خێرە، ئەوەی ئەو بیکات جوانە !

لە ئاژەلی دڕندەی کێوانم پرسی، ئەوانەی ئاژەلەکانت دەبەن و زیانتان پێدەگەیێنن ...؟؟ لە وەڵامدا وتی: شێر خێرو جوانییە. پرسیم ئەدی نەخۆشییەکانی، لە وەڵامدا وتیان:

هەمووی بە تیشکی خۆر یەکسەر دەڕوات و کاریگەری نامینێت.

ئەو گەشبینی و دڵفراوانی و هیوای ئەوان زۆرم لا پیرۆزبوو، بەڵام کە خۆر ئاوادەبێت و شەو دادێت، هیواو خۆشیەکە تەواو دەبیت، تاریکی ( ئایک ) نیگەرانی و ترس دەخولقێنێت، بۆ رزگاربوونیان لە مەترسیەکانی شەوەکان، دەکەونەوە سەر سیحرو دەرکردنی گیانی پیسی شەوان، هەرچەند بەرەو بەیانی دەچینەوە هیواو ئومێد دەردەکەویتەوە.

لە ناوچەکانی سەرچاوەی ئاوی رووباری نیل چەمکی میسری کۆنم سەبارەت بە ئەفسانەی ئوزیریسی دۆزییەوە، واتە دووانیەکەی حورێ وست، ئەو دۆزینەوەیە کاریگەری زۆری لەسەر نەفسیەتم پەیداکرد. ئەوەم بۆ روون بۆوە لەو ناوچانەدا بە درێژی رووباری نیل و تا کەنارەکانی دەریای خۆرهەڵاتی ناوەراست، شارەزایی و زانینی ئەفریقی هەبووە، وەک: ئەنستا، خۆرهەڵاتن لە کاتی کازێوەدا، مەبدەئی رووناکی لە حور ێ، ئایک، مەبدەئی تاریکی خودای ترس. ئەو نەریتانەی ئەو ژنە سیحربازە بۆ تەرمی ژنە مردووەکە، بە وتنەوەی

وشەی ئانستاو ئایک و ماستپرژێنی ئەرزەکەی تەنیشت مردووە درێژکراوەکە، لەو حالەتەدا ( لایبوبییەکان ) دوو ناکۆک کۆدەکەنەوە، هاوکات ماستیش دەکەنە قوربانی بۆ مردووەکە. هەردوو بڕواکە، بایەخ و بوونی گرنگ و یەکسانیان هەیە، دەستەڵاتی شەوو رۆژەکە وەک یەکە، خۆیان لە دوازدە سەعات دەبیننەوە. ئەوەی جێگای بایەخ و سەرنجە لەو ناوچانەی ئیستوائی، ئەو ساتانەی یەکەم تیشکی خۆر هەڵدێت، دوا تیشکیشی ئێوارەکەی ئاوا دەبێت، وەک تیری تیژ گوزەر دەکات، ئەو ماوەی نێوان هەردوو حالەت ژیان پڕە لە جوولەو شادی.

رۆژانە لەو ناوچە ئیستوائیەدا چاوڕەوانی هەڵاتنی یەکەم تیشکی خۆرم دەکرد، گزنگی خۆر یەکەم ئامێزی تاریکی دەڕەواندەوە، ئەو دەمانە فێربووم کورسیەکەم لە خیوەتەکەم دەربهێنم و رووبەرووی دۆڵەکە دابنیشم. یەکەم تیشکی دژایەتی و بەرامبەری نێوان ئەو دوو دژە، رووناکی و پاشماوەی تاریکی دەبینرێت، بە دەرکەوتنی یەکەم تیشکی خۆر چوارچیوەی شتەکان بەروونی و بە جوانی بەرجەستەدەبن، ئاسۆکەی بەرامبەرم سپی دەبریسکایەوە. ئەو دەمەی تیشکی خۆرەکە دەخزێتە ناو جەستەی بەرامبەرەکانی وەک کریستالی پرشنگدار دەردەکەوت، لەو دەمانەدا هاواری باڵندەی زەنگ دەهاتە گوێم، وام دەزانی لەناو کەنیسەیەک دام، هەستم بە خۆشییەکی بێسنوور دەکرد، بەو خۆشی و نەمرییە مەست دەبووم، مەستیەکە بە ئاسانی بەرینەدەدام.

لەگەڵ بینین و نیگاکانمدا، لەسەر بەردە زەلامەکەی بەرامبەرم چەندین مەیموونی ( بابون ) م بینی، ئەو مەیموونانە بەیانیان زوو ئارامن و خۆیان دەدەنە تیشکی خۆرو خۆیان گەرم دەکەنەوە. کە خۆر زۆرتر دەردەکەوت ئەو مەیموونانە زۆرتر چالاک دەبن و دەکەونە هاوارو زیقەزیق. ئەو دیمەنەو چاوڕەوانی گەرمبوونی خۆرو چالاکی مەیموونەکان، دیمەنی مەیموونە گەورەکانی پەرستگای ئابی سنبلی بەبیر هێنامەوە، ئەوانیش جۆری بابون بوون، ئەوانەی جولەی پەرستن و پاڕانەوەیان لەو پەرستگایانەکردووە. هەمان حیکایەتەوەو دەگێردرێتەوە:
لە دێرە زەمانەوە مرۆڤ خودا دەپەرستێت، ئەو خودایەی جیهان و مرۆڤایەتی بە تیشکی خۆرو رووناکی لە تاریکی لە ئاسمانی بەرزەوە رووناک دەکاتەوە.
دیارە رووح لە کۆمەڵگایە سەرەتاییەکان زۆر پەرۆشی رووناکی بووینە، تا لە تاریکی رزگاریان بکات. کە تاریکی دێتە خوارەوە، ئەو کاتە حالەتەکە بەرەو پەستی قوول دەچێت، هەموو رووحێک ئازاردەدات، ئەو هەستە لە چاوی ئادەمیزادی سەرەتاییەکانەوە دیارە، هەمان هەستیش لە چاوی ئاژەلیش دەبینرێت، بەڵام لە چاویانەوە بۆنی خەمیان پێوە دیارە، جا نازانین ئەو خەمەیان لە رووحیانەوە یان نامەیەکی ئاراستەی بێ هۆشی بێکۆتاییە. ئەو خەمە ڕەنگە ڕەنگدانەوەی تەنیایان بێت، ئەوەش نهێنی ئەو تاریکییە. لەبەرئەوەیە هاووڵاتیان بە خۆشییەوە، پێشوازی لە رووناکی بەیانی دەکەن، ئەو دەمەشە خودا پەیدا دەبێت، خودا لەدایک دەبێت، ساتی رزگاری و نەجاتە. دەکرێ بوترێت خۆر خودایە، وتنەوەی ئەو وشەیەش ساتی سەرەتایی لەبیردەباتەوە یان

گوومی دەکات. هەمومان بە هاتنی رۆژی نوێ دڵشادین و رووحمان شاد دەبێت، روحەکانی شەوو تاریکی تەواو دەبێت. لە راستیدا تاریکی سروشتی شەوانە جیاوازی هەیە لە تاریکی تر، ئەو تاریکیەی ولاتی تەنیوە، ئەو تاریکە نەفسیەی ملێونەها ساڵە چەسپاوە، بەردەوامەو ماوە، جا بۆیە شەیدای رووناکی و هاتنی خۆر بە بڵاوبوونەوەی هۆشیارییەوە تەواو دەبێت.

وا خەریکە مانەوەمان لە چیای ئایلکون بەرەو کۆتایی دەچێت، بارگەمان پێچایەوە، نازانم چۆن ئەوە قبوول بکەم، بۆ یەکەم جارو دواجارە لەو خەونە نەمرییە بەئاگابێم، ئەو سەفەرە بۆ من خەونێکی پیرۆزبوو.

لەو رۆژەی لەو دەڤەرە زێر دۆزرایەوە، کانەکان کەوتنە کار، بزاڤی ماوماوییەکان و ودودییەکان دەستی پێکرد، ئەمەش هۆکار بوو تا لە خەونی شارستانیەت بەئاگا بێنەوە.

هەڵدێری بەشی خوارووی چیای ئایلکونمان بۆ هاتنەحوارەوەمان گرتەبەر، چەند نشێوەبووینەوە، ئەوەندە دیمەنەکە دەگۆڕا، دۆڵەکانی پێشەوەمان یەکپارچە داری چڕی کەسک بوو، ڕەنگی دانیشتووانیش دەگۆڕا، رەشتر دیار دەبوون، چوارشانەو زەبڵاح دەردەکەوتن، ئەندام زراڤی ( ماسای ) یان نەدەما.

گەیشتینە هەرێمی ( بوکشیو )، لەوێ ماوەیەکی کورت ماینەوە، لە ( لونمبال ) پشووێکمان دا، ناوچەکە بەرزبوو، دیمەنەکەی جوان بوو، دۆڵی نیلی پان و بەرینی جوانمان بە روونی لێوەوە دیاربوو. بەرەو ( ئامبالا ) بەرێکەوتین، لە رێگادا دوو ئوتۆمبێلی فۆردمان بینی، تا (جنجا) ی سەر دەریاچەی ڤکتۆریا سواربوین، لەوێیەوە بە شەمەندەفەرێکی سکە باریک بەرێکەوتینەوە. ئەو شەمەندەفەرە دوو هەفتە جارێک دەچووە دەریاچەی ( کیوکا ).

پاش چەندین رووداو بە پاپۆڕیَکی بە دۆلاب، گەیشتینە ( بورت ماسندی ). بە لۆرییەک گەیشتینە ( ماسندی تاون ). ئەو شارە دەکەوێتە سەربەرزاییەک کە دەریاچەی ( کیوکا ) لە ( البریت نیانزا ) ی جیادەکاتەوە. لە گوندێکی سەر رێگای دەریاچەی البرت کە بەرەو ( رجاف ) لە سودان دەرۆیشتین زۆر رووداوی زۆر سەرنجراکێشمان تووش هات. سەرۆکی هەرێمەکە گەنجێکی باڵابەرزبوو خۆی و دەستەودارەکەمان بینی .

دانیشتووانی ئەو دەڤەرە لە زنجییەکانی تر، ئەوانی من بینیبووم ڕەشترن. لەو ناوچەیەدا هەستمان بە دڵنیایی نەدەکرد، بۆیە پارێزگار، یان حاکمی ( نمیول )، لەوێ مەئمووریان پێدەووت، سێ سەربازی چەکداری بەگەڵ داییین، بەڵام کە ئەوانەم بینی وەک منداڵەکانی خۆمان رەفتارمان لەگەڵ کردن، هەستمان بە رەحەتییان نەکرد، بۆ نموونە ئەو سەربازانە تەنیا سێ فیشەکیان پێبوو، واتە هاتنەکەیان وەک شتێکی رەمزی، حکومەت بۆی ناردبووین.

سەرۆکی گوندەکە پێشنیاریکرد، ئێواری سەمایەکمان بۆ رێکبخات، زۆرم لا خۆش بوو. هیوام خواست خۆشی یەکەم پێشوازی و بەرەکەتمان پێ ڕەوا ببینێت. شەو داهات و تاریکی ناوچەکە داپۆشی، هەمووومان ماندووبوین، چاومان بە خەوبوو، لەو ساتانەدا لە دوورەوە دەنگی دەهۆڵ و باتێکردنی قۆچی ئاژەلان هات، کە نزیک بوونەوە بینیمان نزیکەی شێست پیاوی دەست بە رِم و شیرو تیرو کەوان هاتن، لە پشتەوەیان هەمووی

خەڵکی ئاواییەکە، ژن و منداڵ، گچکەو گەورە، مەلۆتکەکانیشیان لە پشتی دایکیانەوە گرێدرابوون، کەس لە ئاواییەکەیان نەمابوو، ئەو بۆنەیە لەلای ئەوان زۆر تایبەتیەو سیمای بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی پێوەبوو. ئەگەرچی پلەی گەرمی 39 پلە دەبوو، ئەوان ئاگرێکی گەورەیان کردەوە، ژن و منداڵەکانیان لە دەورەی دەسوورانەوە، پیاوەکانیش بە بازنەی دووەم لە دەوری ئەوان دەسووڕانەوە. ئەو دیمەنە، دیمەنێکی کۆنی بەبیرهێنامەوە، جارێکیان ڕەوە فیلێکی هارم بینی، ئەوەم دەهاتە پێش چاو. ئەو شەوە نەمدەزانی ڕەوشەکە دڵشادم دەکات، یان نیگەران..! لەو قەرەباڵغەیە چاوم لە کوڕەکانمان گێڕا، لە سەربازەکانمان، هەرچەندی چاوم گێرا، کەسم بەرچاو نەکەوت. بۆ نواندنی چاکەیەک چەند جگەرەو دیارییم دابەشکرد، پیاوەکان سەماکەیان گەرمکرد، وا دیاربوو سردوو و نمایشی سوارچاکیان دەنوواند، بەڵام جولانەوەکانیان لە شیرازەی بەرنامەکانیان دەرنەدەچوو. پیاوەکانیان قاچیان دەهەژاندو ژن و منداڵەکانیشیان لە دەوری ئاگرەکەدا دەسووڕانەوە، جارجاریش پیاوەکان بەرەو ڕوویان دەچوون، چەکەکانیان بە توندی ڕادەوەشاند، گۆرانییە گەرمە بەجۆشەکانیان دەوتەوە، جولەکان تەریبی ئاوازی دەهۆل و پفکردنەکانی قۆچەکان بوون. دیمەنەکە سەرنجڕاکێش و سیمای دڕندەییان پێوەبوو. هەموویان لەناو ڕووناکی ئاگرەکەو تریفەی سیحراوی مانگدا دەبریسکانەوە.

من و برادەرەکەم خزاینە ناو سەماکەو ئەوەی دەکەوتە ناودەستم وەک ئەوان ڕامدەوەشاند، لە ئاکارو دەموچاویانەوە دیاربوو بە هاتن و بەشداری من قاییل بوون، بەشداری من جۆشیان گەرمترببوو، هەموو بەیەکەوە پێیان بەهێزەوە لە ئەرزەکە دەچەقاند، هاواریان دەکردو ئارەقەیان زۆرتر دەڕشت، هێدی هێدی جۆش و سەماو بەزمەکە گەرمتردەبوو. لەو ڕەوش و مۆسیقاو سەمایەدا ئەوان زۆرتر دەکوڵان و زەوقیان وەردەگرت.

میلی سەعاتەکەمان دەگەیشتە یازدەی شەو، هەرچەندە کاتەکە درەنگ دەبوو، ئەوان جۆشیان زۆرتربوو، بە شێوەیەکی زۆر سەیر گەرمبوون، ئەوەندە گەرمبوون هەستت دەکرد، مرۆڤ نین، وەک ئاژەڵی دڕندە هەڵدەپەڕیین.

لەو ڕەوشەدا هەستم بە مەترسی کرد، بە هەڵپەڕین و سەمایە گەرمەکەیان نیگەران بووم، چونکە زۆر ماندوو دیاربوون و پێویستیان بە خەوتن و پشوودان هەبوو، بۆیە سەرۆکەکەیان بڕیاری ڕاگرتنی سەماکەی دا، بەڵام جۆشەکەیان زۆر گەرم بوو، بۆیە داوای گەرێکی تری سەمایانکرد، من زانیبووم ئەندامی لیژنەیەکی پشکنینی خۆمان لە سەمایەکی وا گەرم و جۆشدارە ڕمێکی وێلی بەرکەوتبوو، بۆیە داوام لە سەرۆکەکەیان کرد، کۆتایی بە سەما گەرم و ترسناکەکە بهێنێت، منیش زوو چەند دانەیەک دیارییم دانێ، بە ئیشارەت تێمگەیاندن بەسە، بخەون. کە تێگەیشتن من تووڕە دەبم، بۆیە هەموو بە پێکەنینەوە چۆڵیانکردو دوور کەوتنەوە، شادی و خۆشییان پێوەدیاربوو. تا ماوەیەکی زۆر لە دوورەوەش دەنگی دەهۆڵ و هاتوهاواریان دەهات. کە دەنگەکە نەماو کەشەکە هێمن بۆوە، ئێمەش ماندووبوین و خەومان لێکەوت. بە گەیشتنمان بە ڕجافی نیل گەشتەکەمان تەواوبوو.

پاپۆرە بە دۆلابەکە تازە لەسەر کەناری ڕجاف ڕاوەستابوو، بارگەمان بارکرد، لەبەر ئەوەی ئاوەکە ئاستی نزم

بوو، بۆیە بەرێکەوتنمان و رۆیشتنی پاپۆرەکە  بارەکەی ئێمەی پێ گران بوو .
لەو ساتانەدا بیرم لەوە دەکردەوە، من زۆرم وەرگرتووە، هەزارەها بیرۆکە لەناو میشکما گینگڵ دەدات. ئەوەی زۆر گرنگە من بتوانم لە کۆتاییدا گلاڵەیەکی پوختی بینینەکانم دەستەمۆ بکەم، ئەوەی دەکرا پەیوەندی ناوەوەی خۆم بە بینین و بەڵگەو ئەزموونەکە بەیەک ببەستمەوە، ئەوەی شیاوی باس بوو نوسیبوومەوە. بەدرێژایی گەشتەکەم خەونەکانم بە دوای تەکنیکی نەناسینی ئەفریقیاوە بوو.

کە لە خاکی ولاتا ( سویسرا ) دابەزیم، ( ئەگەر بکرێت نهێنیەکان دەستنیشان بکرێت )، وامزانی گەشتەکەم بۆ ئەفریقیا کارێکی واقیعی نەبوو. بەڵکو عەرزێکی رازیکەرانە یان کارێکی رەمزی بوو، گەرمترین و کاریگەرترین پێشهات و رووداوەکان لە خەونەکانم دووربوو. بە درێژایی رۆژەکانی گەشتەکەم، یەکجار خەونم بە پیاوێکی ڕەش بینی، ئاکاری ئەو پیاوم لا نامۆ نەبوو، زۆری ویست تا بەبیرم هاتەوە پێشتر ئەو دەموچاوەم لە کێ بینیووە. دوایی هاتەوە بیرم، ئەو پیاوە سەرتاشێک بوو لە ( تشاناگونا )  ولایەتی تینسی، لە ڕەشەکانی ئەمریکابوو. لەو خەونەدا ئوتویەکی سوورکراوی لە دەست بوو، بەو ئوتویە قژی وەک زنجییەکان بۆ دادەهینام، لە ترسان، لەبەر گەرمی و بۆنی سوتانی قژم لە خەوەکەم بە ئاگا هاتم.
لەو خەونە لەو گەیشتم لە دونیای پشتەوەو شاراوەییدا ئاگادارکراومەتەوە، ئەوانە مەترسییان لەسەر ژیانم هەیە، ئەو دەمە زۆری نەمابوو منیش ببمە مرۆڤێکی ڕەش. کە تووشی نەخۆشی تای مێشی قووم هاتم، ورەی نەفسی لاوازکردم. پاش دوازدە ساڵ خەونی سەرتاشەکە بە بیرخۆم دەهێنمەوە، بۆ ئەوەیە تا لە رۆژگاری ئیمرۆ هوشیارو وریابین. خەون لێکدانەوەو تێگەیشتنی سەیر لە خەونەکان، لە رۆژانەی شەڕی یەکەمی جیهاندا لە رووی نەفسیەوە کاریگەری هەبووە، ئەو سەربازانەی خەونیان بە مەیدان شەڕو شەڕەکان دەبینی ژمارەیان لەو سەربازانە زۆرتر بوو لەوانەی خەونیان بە ولاتەکانیانەوە دەبینی. بەناچاری دکتۆرە نەفسیەکانی سەربازیی، ئەو سەربازانەی زۆرتر خەونیان بە رووداوو دیتنی شەڕەوە دەبینی  بۆ پشتەوەی بەرەکانی شەڕیان دەگواستنەوە. ئەوانە لە رووی نەفسیەوە توانای  بەرگری دەرەوەیان نەمابوو.

چوونم بۆ ئەفریقیا، ئەگەرچی  ئەگەری تووشبوونم بە چەندین تەگەرەو مەترسی هەبوو،  بەڵام من بۆ ئەوە چووبووم کەمێک لە ژان و ئاڵۆزی رۆژانەی ناو ئەوروپا کەم بکەمەوە، خۆم لە رۆژانەو کێشەکانی بدزمەوە، وەنەبی خەونەکانم دوورن  بن لە کەسایەتیەکەم وەک کەسێکی ئەوروپی، ئەوروپیبوونی خۆم پاراستبوو. ئەگەر خۆم ئەو ژینگە چەسپاوو ئاڵۆزەی ئەفریقیاییم هەڵبژاردبوو.  من یەکەم کەس  و دوا کەسیش نیم بۆ ئەو مەبەستە روو لە ئەفریقیا بکەم. هاوشانی ئەو بریارەشم هێلێکی ناوەوەی زەق و دیارم بەسەرکەوتووی لە چوارچیوەی خەونەکانم کێشابوو، خەونەکانم ئاوێتەی کێشە تایبەتیەکانم ببوون.
مەبەستیش لەو گەشتەمدا بۆ زانین و وەرگرتنی کەمترین لێکۆلینەوەبوو، لەسەر سایکلۆژی سەرەتایی، بۆیە رەوایەو چاورەوانکراوە زوو ئەو پرسیارەم ئاراستەبکرێت:
ئایا یونگی زانای نەفسی لە ئەفریقیادا چی دەبینێت و بەرهەمی چی دەبێت ..؟؟

من وتومەو ئاشکرای دەکەمەوە، ئەو سەفەرو گەشتە زانستییەم بۆ ئەوەبووە، کاردانەوەی دژو ناکۆکی لە بینین و خوێندنەوەی ناوەرۆکی ئەو زانیاریانەی لەو گەشتەدا بینراوو زانراو لەناو کۆمەڵگای سەرەتایی ئەفریقی لەسەر ئەوروپاییەکان چی دەبێت. گەشتەم پێش ئەوەی پرۆژەیەکی زانستی بێت، پرۆژەیەکی تاکە کەسی بووە. بۆ قووڵبوونەوەو وەرگرتنی زۆرترین زانیاری لەو پرۆژەیەدا هەموو تواناى سایکلۆژی خۆمم ئاویتەکردووە. ( دەستەی زانستی ومبلی ) تاکە پشتیوان و هاوکاری ئەو گەشتەی من نەبوو. بەڵکو من کەش و وەزعی خۆم لە ئەوروپا بەرامبەر ئەو گۆڕان و پێشهاتانە بە ئاسایی نەدەزانی، بۆیە ویستم ماوەیەکیش دووربکەومەوە.

لەناو ئەو بیرو تێروانینەوەیەدا بریاری رۆیشتنم بەناو ئاوی نیلدا، بەرەو باکوور، بەرەو ئەوروپا، بەرەو دوارۆژ، رۆیشتم تا گەیشتمە خەرتووم. لەوێیەوە میسر بەردەکەوت. ئاواتەکەم هاتە دی من دەمویست لەلای باشوورەوە، لە سەرچاوەی ئاوی نیلەوە ئەو شارستانیەتە بناسم، بەراوردیشی بکەم، نەک لە ئەوروپاو یونانەوە. من دەمویست بزانم ئامرازو کارگێری ئاسیایی چەند کاریگەری لەسەر کەلتووری میسری هەیە، نەک ئامرازو کارگێری کەلتووری تر. بەدواچوونی رێرەوەی ئاوی و سەردەم و زەمان بە رووباری نیلەوە سوودی زۆری بە زانیارییەکانم بینی. پرشنگدارترینیان ئەوەبوو زانیم چەمکی ( حوریێ ) لە نێوان هاووڵاتیانی ئایلکۆن بوونی هەیە. بە دیتنی پەیکەری تاشراوی ( بابون، مەیموونی ئاکار سەگ )، لە ( ئەبو سنبل ) لە دەروازەی میسری باشوور، هەموو شتەکانم بۆ روونبۆوەو بە شێوەیەکی درامی چیرۆکەکەم بۆ شیکرایەوە.

ئەفسانەی حوریێ چیرۆکێکی کۆنەو بەسەرهاتی لەدایکبوونی خواوەندی نوێ رووناکی دەگێرێتەوە، ئەوەش یەکەمین رزگاربوونی کەلتووری مرۆڤە پاش زانین و هوشیاری لە سەردەمە تاریکەکانی ناو دێرەکانی مێژوو. ئەو گەشتەی من لە دڵی ئەفریقیاوە بۆ میسر جۆرێکە لە دەراسەتی لەدایکبوونی رووناکی، ئەو دەراسەتە بۆ من بەڵگەنامەیەکی پەیوەندی و گرێبەستییە لەگەڵ خودی کەسایەتی و دەروونم. ئەوانم چاک بۆ بەرجەستە بوو، بەڵام ناتوانم بە نووسین دەریببڕم. زووتر نەمدەزانی ئەفریقیا ئەوەندەی بۆ من پێ یە، چەندین جۆری چەکم بینی، شێوەی زۆری خشلم بینی، دەستکەوتی راوچییەکانم بینی، زانیاری زۆرم لە جۆرەها ڕەگەزو تیرە وەرگرت، ئارەزووم بوو زۆر لەسەر ئەوانەی ئەفریقیا بزانم وا تێگەیشتم، زانیم.

لە گۆڤاری الاداب الاجنبیەی یەکێتی نووسەرانی عەرەب لە دمیشقی ژمارە 117ی زستانی 2004 وەرگیراوە.

---

لە گۆڤاری ( رامان ) ی ژمارە 121 و 122 ی ساڵی 2007 لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە.